# خەزێنەی موزیکی کوردی

ئا/ فەرهاد فایەق

ئایا کورد خاوەنی خەزێنەی موزیکە؟
(گەزنەفۆن) باس لەوە دەکات کە چۆن



( هاخام نشینەکان) کاتێك هێرش دەکەن, چۆن مۆزیکی کوردی یۆنانییەکانی شکست پێهێناوە، سروودی کوردەکان وە دەنگی دەهۆڵی ئەوان ساڵی(٤٠١)ی پێش میلاد چۆن گوێی ئەوانی کەرکردوەو ئەوەش وایکردوە کە دوژمن هەڵبێت، هەرچەندە مۆزیکی کوردی لەسەردەمی ئێمەدا موزیکێکی سەرگەردانە, بەڵام بەدوای ناسنامەی راستەقینەی خۆیدا وێڵە.

بەڵام خەزێنەی مێژوویی, قسەیەکی دیکەی هەیە، ( ئەولیا چەلەبی) باس لەمێژووی کورد دەکات و دەڵێت:" لە بازاری دیاربەکر ئاسنگەر و دوکانی زۆر هەن کە لە کاتی کارکردندا گۆرانی دەڵێن و مەقام دەچرن کە مەقامەکان لەسەر پەیژەکانی سێگا و چەندین مەقامیتر, کە هەر کەسێك لەوێوە تێدەپەرێت دەبێتە یادگارییەك و چێژیلێوەر دەگرێت.

راستییەك هەیە کە نابێت فەرامۆش بکرێت کە دووماموستای گەورەی موزیکی ئێرانی کورد بوون, یەکەمیان (زریاب) کە لە دیوەخانی عەبدورەحمان لە بەغداد فێرگەیەکی مۆزیکی بنیات ناوە, دووەمیان( عەبدولقادر موراغی) کە شارەزایی زۆری هەبووە لە مەقامات و ئەداکردنی مەقام و خاوەنی زانست و زانینی ئەدەبی و هونەری بەرز بووە.

(تۆمابوا)ی رۆژهەڵات ناسی ناودار دەڵێت:" لە زەمانی زوودا مۆزیکی کوردی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە بەسەر گۆرانی و موزیکی وولاتە دراوسێکانیدا و لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ساسانیشدا کوردەکان مۆزیکێکی پێشکەوتوویان هەبووە. بێگومان هونەری هەر میللەتێکیش کاتێك پێش دەکەوێت کە میللەتەکە پێشکەوتوو خوازبێت.

( کۆنفۆشیۆس)دەڵێت: "ئەگەر وویستت جۆری ژیان و سەرکەوتن و داب و نەریت و پێشکەوتنی هەر میللەتێك بزانی گوێ لە موزیکەکەی بگرە". هەر لەبەر ئەوەیە کە لە مۆزیکدا چەندین نەتەوە دەناسینەوە.

ئەمرۆ وولاتانی جیهان هەوڵی زۆر ئەدەن بۆ ئەوەی مۆزیکی میللەتەکەیان بپارێزن، هەوڵ دەدەن لەبەرهەمەکانیاندا سوود لە موزیکی وولاتەکەی خۆیان وەربگرن، هەرچەندە ئێستا گۆرانیبێژی کورد رووی لەزیاد بوون کردووە و ئەم زیاد بوونەش بەردەوامە, بەڵام کاتێك گوێ لە بەرهەمەکانیان دەگرین تەنها لە کاتی ووتنی گۆرانییەکەدا هەستدەکەین کە کوردییە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت, کە وولاتانی جیهان بە تایبەتی وولاتانی دراوسێ, چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر مۆزیکی کوردی.

مۆزیکی کوردی دەوڵەمەند رشتەیەکی مروارییە کە بەهەوڵ و کۆشش و پەنجەو دەست و بیرکردنەوەی گەلێك هونەرمەند دروست بووە.

(نیکتین) ئەنوسێت:" کە سامان و دارایی مۆزیکی کوردی هەمووی بەحەماس و هەوڵ و پایەرێژی دروست بووە, چونکە شەر و تێکهەڵپژان و گۆرانکاری زۆر لای کوردەکان دروست بووە". هەروەها دەڵێت:" کە خوای گەورە سروشتێکی زۆری بەخشیوە بە کوردەکان, هەر لەبەرئەمە خەڵکی کورد لەبەر سروشتی سەختی ناوچەکانیان هەمیشە بەشەر هاتوون لەگەڵ داگیرکەرەکاندا, کە ئەمەش بەشێکی دیاری دروست کردوە لە موزیکەکەیاندا".

(ناجی عەباس) باس لە موزیکی ئایینی کوردەکان دەکات و دەنوسێت: هەموو ساڵێك لە مانگی ( محرەم) تا مانگی ( ربیع الاول) لە بەغداد و موصڵ و سوریا و سنجار و ئێران و تورکیا و وڵاتانی دوور و نزیك, کۆمەڵ کۆمەڵ ( شاعیر و عالم و واعیف و قورئانخوێن وگۆرانیبێژ) دەهاتن بۆ هەولێر و دەبووە قیبلەی ئەوان.

بەفەرمانی شا ( موزەفەرەدین، بیست کەپرو خێمەی گەورە لە قەڵاوە تا خانەقا دروست دەکرا و شوێنی تایبەتیان دەدایە میوانەکان. خەڵکی هەولێر وازیان لە کارو کاسپی دەهێناو دەهاتنە ناو کۆرو کۆمەڵەوە. سوڵتان موزەفەرەدین هەموو رۆژێکی عەسر دەچووە نێو هونەرمەندان و لە هەموو کەپرێکا دەوەستا و گوێی لەکارەکانیان دەگرت تا نوێژی بەیانی لەوێ دەمایەوە. بەم شێوەیە رۆژیان بەرێ دەکرد تا شەوی لە دایك بوونی پێغەمبەر(د. خ ) رۆژێك پێش لەدایك بوونی پێغەمبەر (د. خ ) گا و مەرو ماڵاتیان کۆدەکردەوە و رۆژی جەژن لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زورنا هەموو شەقامەکانی شار دەگەران و دەستیان دەکرد بەئاهەنگ.



مەقامات لە مۆزیکی کوردیدا پایەو گرنگییەکی زۆری هەیە. مەقام لە مۆزیکی رۆژئاواییدا پێی دەوترێت (پەیژە).

شیعرە کلاسیکییەکانی کە مەقامبێژان ووتویانە باسی لە شەرو پیاوەتی و هەوڵ و کۆشش و عەشق و ستایشکردن لە خالقی یەکتا و پێغەمبەر(د. خ )کردووە, کە هەریەکەیان شێوەیەکیان هەبووە.

مۆزیك ناسانی کورد (جەمیل رۆژبەیانی، د.عیزەدین مستەفا، م.جەبار جەباری) لەو بیر و باوەرەدان کە ووتنی مەقام مێژوویەکی دووری نییە, زۆربەیان لە گەرمیان و کەرکوك و تاڵەبان و جەباری و ئالیاوە و گوندی قادرکەرەم و زەنگەنەن.



دەڵێن, مەقامەکانی قەتار، خاوکەر، ئای‌ئای، ئەڵاوەیسی، رەش و سپی و رەش بەڵەك و تێهەڵکێش, نمونەی تۆمارکراویان هەیە، نمونەیەك لە مەقامی(ئەڵا وەیسی و قەتار) کە مەقامبێژی کورد مامۆستا جەباری لە بەغداد تۆماری کردوە و لە کۆمپانیای بیزافۆن کە مامۆستای گۆرانی‌بێژی گەورە ( عەلی مەردان) بووە ساڵی (١٩٢٧- ١٩٢٨).

هەروەها نمونەیەکی دیکە بەدەنگی ( محمەد ئەمین تاڵەبانی) ساڵی ١٩٢٥ لە کۆمپانیای بیزافۆن تۆمارکراوە لەسەر مەقامەکانی( قەتار و خاوکەر و ئای ئای)

مێژووی مەقامی ( قەتار وئەڵا وەیسی و خاوکەر و تێهەڵکێش) دەگەرێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش ساڵی(١٧٨٧)کە لە گوندی ئالیاوە ووتویانە.

وتنی مەقامات مێژووەکەی زۆر کۆنە و دەگەرێتەوە بۆ چەندین قەرن پێش مێژوو, بەڵام گۆرانکاری لە شیعرەکانیان کراوە.

( ئەولیا چەلەبی) باس لەوە دەکات, کە عەبدولخان چۆن مەقاماتی ووتوە کە مەقامی راست و سێگای زۆر باشی وتوە و شارەزایی زۆریشی هەبوو لە مەقاماتدا، هەمیشە و زۆربەی کات شیعرەکانی جاحزی ووتوە بە جۆرێکی تەکنیکی بەرز.هەروەها شارەزایی زۆری هەبووە لە ژەنینی ریتم دا.

پرۆفیسۆری ئەڵمانی ( ئەسکەرمان) لە کتێبەکەی دا باس لە ماقاماتی کوردی دەکات و باس لە شیعر و مەقامبێژی ( عەلی بەردەشانی و ئەحمەدی خانی و لە شگری) دەکات.

( کرستین)ی رۆژهەڵات ناس دەنوسێت: " لەو شیعرانەی کە لە مەقامات بەکارهاتوون قافیەکانیان دیاریکراو نییە کەئەمەش زۆر بەباشی زیاتر لە موزیکی کوردیدا هەستی پێدەکرێت".

ئەوشوێنانەی کە زیاتر گرنگیان بە مەقام ووتن داوە, ناوچەی کەرکوك و ناوچەی مهاباد و موکریان لە ئێران و دەشتی زەنگەنەی ئێران و عێراق.( عەبدوڵا سەعید) کە مەقامناس و مەقامبێژی کوردە و مامۆستای عەلی مەردان بووە، پێش عەلی مەردان محەمەد ئەمین تاڵەبانی و پاشان عەلی مەردان کە هەموویان خەڵکی کەرکوکن, هەروەها لە گەرمەسێری کەرکوك چەندین گۆرانیبێژ مەقامیان ووتوە(خزر عەجرام چاوەش، محەمەد خەلیل تەپەلۆیی، محەمەد عەلی، عبدولرەحمان جەباری) هەروەها مەقام زان ( محەمەد پیر) لە کوردەو لە شاری کفری بووە، دووفێرکاری هەبووە بەناوی ( رەحمەتووڵا شەڵتاخ) و ( سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی) کە لەبەغداد فێرگەیەکیان هەبووە، موزیکی کوردی و فارسیان فێری عەرەبەکان کردووە، هەروەها موزیك ناسان ( مورتەزاخانی ئەسفەهانی و رەحیم سوڵتانی و هۆشەنگ نادری) مێژووی مەقام وتن ئەگەرێننەوە بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، خەسرەوخان لەماڵی کەسێکی زەنگەنە بەناوی (تەیمور) مەقاماتی ووتوە، پاش مردنی مامۆستاکەی رووی لە شارەزووری کوردستانی عێراق کردووە, لە ناوچەی شارەزووردا چەندین مەقامی ووتوە، وەکو ( ئای ئای و ئەڵاوەیسی و قەتار و خاوکەر و خورشیدی و سەحەری و سەفەر و لاوك و حەیران و چەندینی تر)، نیوەشەو, یەکێکە لەو بەیتانەی کە ووتویەتی خەسرەو فەیروس خان لە عێراق و ئێران، ( د. موکەرەم تاڵەبانی ) یەکێکە لە ناودار ترین مەقامبێژەکان لە سەردەمی خۆیدا( سەید حەمە ئینجە) دەڵێت:" کە د. موکەرەم لە خێڵی زەنگەنە بووە, لە زەمانی ئێمەدا دەنگ خۆشێکی زوڵاڵ بووە, ئەو مامۆستای مەقامی قەتار بووە", باس لەوە دەکات و دەڵێت:" کە شەوێك لە خانەقا مەقامی ئای ئایی بۆ ووتووین کە هەموومانی خستۆتە گریان". ( سەید حەمە ئینجە) پێش دەستپێکردنی مەقامی قەتار بە بەیتێك شیعری مەولەوی دەستپێکردوە، موزیك ناسان باس لەوە دەکەن, کە ژنانیش وەکو پیاوان مەقامیان ووتوە, بەتایبەتی لە کۆری تەعزێکاندا لەگەڵ ژەنینی دەفدا. ( مەنیج و زولێخا) کە دوو ژن بوون مەقامیان ووتوە, کە دەفژەنی سەردەمی خۆیان بوون، ( مەحمود زامدار) باس لەوە دەکات, کە مەنیج و زولێخا مەقامبێژ بوون و زیاتر حەیرانیان ووتوە.

موزیکی کوردی خاوەنی چەندین خەزێنەی شاراوەی بەنرخە.

بۆ دۆزینەوەو گەران بەدوای ئەم خەزێنانەدا پێویستی بە هەوڵ و گەران و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان هەیە, کە ئەمە کارێکی زۆر گرانە بەهەوڵ و لێبرانی چەندین کەس ئەم کارە ئەنجام دەدرێ

سەرچاوە / هنر موسیقی

# ئەو پەیڤانەی بۆ هونەرن



دیاری قەرەداغی

ئێمە هونەر دەکەین تا ئازار بچێژین؟، یان بەشێك لە ئەرکی هونەر دەرخستنی ئازارەکانە.

ئێمە هونەر بۆ ئەوە دەکەین کەزیاتر رقیان لێمان بێت؟ یان خەرمانێك لە خۆشەویستی بچێنین .

لە وڵاتەکەی مندا گوێگرتن لە موزیك ئاسانە، بەڵام خەیاڵە. رێزگرتنی هەر ئەو کاتەش موزیك بێتامە، کە لەسەر خوان و بانگهێشتەکانی دەسەڵات داوا بکرێت.

ئەی دەسەڵات

بەر لە داوایەکم لێتان بۆ پرۆژەیەکی هونەری، پرۆژەیەك لە ئێوە منی ماچ نەکرد.

دوای سازکردنی چالاکییە هونەرییەکانمان بەسەرکەوتوویی و دەرکەوتنمان وەك ئەستێرە، ئیتر دەبینە کارمەند و موچەخۆرەکانی ئێوە، کە ئەمەش خراپترین خەڵاتتانە بۆ هونەرمەند.

گەورەترین شکستی هونەرمەند ئەوەیە، کە لە پرسەگەی (تیڤی)یەك دابنیشێت و چاوەرێی ئەوە بێت بەرهەمەکەی لێبکرن .

ئەو کات ناشرینترین نازناو (هونەرمەند)ێتییە کە خۆمان لە خۆمانی بنێین!